


# شانۆیی (ماری) و گەڕان بەدووی ڕۆحی پیرۆزدا



دەوەن



بەکر ڕەشید

(ئێمە بە تەنها لەجیهانی خەوندا ئازادین)
ئەریک فرۆم

شانۆ لەژیانی مرۆڤەکاندا بوونێکی بەردەوامی کارئەکتەرە جیدییەکانە و ناتوانین دوور لە شانۆ و بەرجەستەکردنی دروست، قسەوباسی جیدی لەسەر نەکەین،هەرچەندە شانۆ لە هەموو لەحزەکانی ژیانی هەمووماندا بوونی هەس و مرۆ بەبێ ئەم حەقیقەتە ناتوانێ لە میتۆدە گرنگەکانی دونیای شانۆ حاڵی ببێت،ژبەر هەندێ بۆخۆی ئەرکێکی گرنگە کەبتوانین شانۆمان وەک ژیان خۆشبوویت،ڕاستە ژیانی ڕۆژانەمان لێوان لێوە لە جوڵەو لە بەرجەستەکردنی هەنگاوەکانمان لە سات و کاتی بەریەک کەوتنی جوڵەی بەرامبەرەکانماندا،وەلێ کاتێ هەنگاومان و هەستمان جوڵەمان دەچێتە سەرتەختەی شانۆ،ئەوجا جودای لەنێوان هونەر و ژیانی سادەی مرۆڤەکاندا دروستیەک دەخوڵقێنی،کەلە بەرامبەریدا ناتوانین خۆمانی تیایدا نەبینینەوە،بینینەوە لە ناو بەرجەستەکردن و دەیالۆژی زیندوی سەردەمیانە،هونەر بۆخۆی ئیشکردنە لەگەڵ ژیان و مردندا،ئەوەی توانی ژیان لەناو مردندا نمایشبکات هونەرمەندە،ئەوەشی ژیان بەرەو مردن پەلکێش دەکات،مانای وایە هونەرکوژە.

زۆر جار نائومێدی و تەنیایی و دابڕان،جوانترین کاتە پیرۆزەکانی مرۆڤ دەخنکێنێ و لەگەڵ خۆیدا نوقمی لەبیر چوونەوەی ئەو ڕۆژانەمان دەکات،کەپێی دەوترێت ژیان.نمایشەکانی ئەم ساڵی شاری سلێمانی لە ڕۆژی جیهانی شانۆدا،گەڕانەوە بوو بۆ دونیای نائومێدی و دابڕان،کە بەئاشکرا هونەرمەندان(بەکر ڕەشید) و (عوسمان مەعروف)لەشانۆیی(ماری)دا نیشانیانداین کە خوا،درەخت، نیشتیمان، شانۆ،ی ئێرە هەر هەموویان لە تەنیایدا ژیان دەگۆڕنەوە بە دۆزەخ،تەنانەت زەنگی تەلەفۆنەکانیش هەر تەنیان.

**دەستمان دەگرن و لەگەڵ خۆیاندا پەلکێشمان دەکەن بەرەو دەستە میهریەکانی(ماری) و دەست و پەنجە تووڕەکانی(نیچە)فێرمان دەکەن بەناو ڕۆحە پیرۆزەکاندا گوزەر بکەین و گۆرانی بۆ شێتەکان بڵێین. لەو دیو ڕۆحی(ماری)ەوە ئاشنامان دەکەن بە دونیای سروشت و جوانی ژن و ڕۆحی مێینە پاکژەکان، دەخوازن هەموومان بگەڕێینەوە بۆ ڕۆحی ژنێکی پیرۆز.لەشانۆیی ماریدا هونەرمەند بەکر ڕەشید سەلیقەیەکی ووردی بەکار هێنا بەجۆرێک توانی تەنیایی لەلامان خۆشەویست بکات.ئەو ناخوازێت مرۆڤە پاکژەکان دوور لە ئازیزانیان بژین و ژیانیان پڕبێت لە نائومێدی،بەڵکو دەیەوێت ژیانمان لەتەک ڕۆحە پیرۆزەکاندا ئاوێتە بێت و گۆرانی بۆ مردنی پیرۆز بڵێین و لە پێناویدا دەستمان بەسنگەوە بگرین.**

**شانۆیی ماری**

**نوسینی :سەعدون ئەلعوبەیدی**

**وەرگێڕانی : ڕەووف بێگەرد**

**ئامادەو دەرهێنانی : بەکر ڕەشید**

**نواندنی : عوسمان مەعروف**

**بەڕێوەبەری بەرهەم : عوسمان محمد**

**بەڕێوەبەری شانۆ : ئاڵا عومەر**

**دیزاینی دیکۆر : بەکر ڕەشید**

**جێبەجێکردنی دیکۆر : ئاریان عومەر**

**دیزاینی ڕووناکی : عوسمان محمد**

**جێبەجێکردنی ڕووناکی : ئەمیر ڕەزا**

**دەنگ : ئاڵا عومەر**

**جێبەجێکردنی موزیک : کوردە عوسمان**

**ستافی شانۆیی ماری توانیان جارێکیتر(تەنیایی،موزیک،ژن،شانۆ،خێزان، خەون،سەما، مردن، جەژنی سەری ساڵمان) وەک گوڵی سوور خۆشبوێت، لەپێناو نزیکبوونەوەمان لە عەشقی پیرۆز.!**

